گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هە لسە نگاندنی توانستی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە سەنتەری قەزای مەخموور

**ساسان حکمت علی**
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
asan.ali@su.edu.krd

**مظفر احمد رسول**
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
mudhafer.rasool@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢١/٦/٢٥
پەسەندکردن:٢٠٢١/٨/١٨
بڵاو کردنەوە: پاییزی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
*special clinics, Distance Standard, Spatail mean, and Direction of Distribution*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.4.05

## پوختە

خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان یەکێکە لە خزتگوزارییە بنەڕەتیەکانی شار و پێداویستیەکی- سەرەکی هەر مرۆڤێکە لە ژیانی رۆژانەیدا و کۆمەڵگا مرۆییەکانیش سەرەڕای جیاوازی سیستەمی رامیاری و ئابوریيان هەوڵ بۆ دابینکردنی دەدەن، چونکە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیەکان بنەمایەکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتن و بەرە و پێشبردنی کۆمەڵگاکان، هەروەها پێوەری پێوانەکردنی پێشکەوتن یان دواکەوتنی هەر کۆمەڵگایە، هەروەها پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان پێوەرەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان و پێوەرەکانی پەرەپێداندا هەیە، بەجۆرێك ئاستی خوشکوزەرانی بڕیار لەسەر ئاڕاستەی پەرەپێدان دەدات لەهەر بەشێك لەبەشەکانی جیهان، لەبەرئەوە پەرەپێدان پێویستی بە تاکی تەندروست هەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی.ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بریتییە لە هەڵسەنگاندنی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە سەنتەری قەزای مەخموور و دەرخستنی ئاستی توانستەکانیان بەرامبەر بە دانیشتوانی ناوچەکە. بەهۆی ئەو نایەکسانی لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ئاستی گەرەکەکانی سەنتەری مەخموور هەیە. لە سودمان لێکۆڵینەوە سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان لە رێگە کلاسیکیەکان لە دەستنیشانکردن و

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هةلسةنكاندن و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتیەکان لة قةزای مةخموور بةستووة جونكة دەرئەنجامەكانیان وورد و ڕاست ترە و دەرخستەی نەخشەکانیان ئاسانترە لە ڕووی کارتۆگرافییەوە. لةسەربنەمای ئامانجةكان لێکۆڵینەوەکە دابەش دەکرێت بۆ جوار تەوەر: لە تەوەری یەکەم ئاماژە بە چورچێوەی تیۆری و ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە کراوە، لە تەوەری دووەمدا هەڵساوین بە دةرخستنی گرنگترین خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە سةنتةری قەزاکە. لە تەوەری سێیەم تیشک خراوەتە سەر. شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنییی خزمەتگوزارییەکان. بەشی جوارةم تیشک خراوەتە سەر هەلسەنگاندنی خزمەتگوزاری پەروەردە و تەندروستی بةهوی كرنكی ئةم دوو جۆرة خزمەتگوزاریە لةسةر ئاستی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان. لة ئةنجای لێکۆڵینەوە کەیشتوین بةوةی کە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لة سەنتەری قةزای مةخموور بةشیوةیةكی زۆر نا ريَك دابةش بووة وبشت بةهیج بیوةريك نةبةستراوة، خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان بة هیج شیوةك يةك ناکەریتةوة لةكةل دابةشبوونی دانیشتوان بةبیی گەرەکەکان

## پێشەکی:

خزمەتگوزارەیەکان یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی دانیشتوان پێویستیەکە بۆ هەموو کەسێك دەبێت فەراهەم بکرێت چونکە بنچینەیەکی سەرەکیە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، هەروەها بووەتە بە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەوتن و دواکەوتنی هەرکۆمەڵگایەك. بۆیە پلاندانەرانی وڵات هەولی بەدەست هێنان و دامەزراندن و فراوان کردنی بەباشترین شێوە و بەرزترین کوالێتی لە دام و دەزگاکاندا هەولی بۆ دەدەن. ئەمیش بە ئامانجی دەستەبەر کردنی باشترین توانستە خزمەتگوزارییەکان بەجۆرێك ئەم خزمەتگوزاریانە وەستاوە لەسەر باری پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی وڵات دا کە دەبێتە دابین کردنی پێداویستیەکان بۆ دانیشتوان کە ئەمەش دەبێتە لایەنەکی گرنگ بۆ پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خۆشگوزەرانی بۆ بەدەستهێنانی توانستێکی بەرز.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گرنگی لێکۆلینەوە:** شیکردنەوەی ئەو جیاوازیەی لە دابەشبوون و توانستە خزمەتگوزاریەکاندا هەیە، سەرەرای تیشك خستنە سەر ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەرووی بەرەو پێشبردنی ئەم خزمەتگوزاریانەن لە شارەکەدا ئەمە جگە لە هەڵوەستە کردن لەسەر خستنە ڕووی قەبارەی خزمەتگوزاریەکان و توانستی پێشکەشکردنی هاوشان لەگەل زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان.

**ئامانج:**

1- چۆنیەتی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریەکان لە ناوچەی لێکۆلینەوە.

2- دەرخستنی توانستەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان، کەپیشتمان بە چەند پێوەرێکی خزمەتگوزاری ڕەنگرێژی بەکار هاتوو بەستووە.

**کێشەی توێژینەوە:** نارێکی لەدابەشبوونی خزمەتگوزاریەکان لە ناوچەی توێژینەوە و نەبوونی پەیوەندیەکی هاوسەنگ لە نێوان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و قەبارەی دانیشتووان ئایە توانست و دابەشبوونی فەرمانگە خزمەتگوزاریەکانی ناوچەکە تا چەند گونجاوە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانی خزمەتگوزاری جیهانی و نێوخۆیی.

**گریمانە: دابەشبوونی** شوێنی خزمەتگوزاریەکان و کەمی رێژەی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەی توێژینەوەیەك ناگرێتەوە لەگەل بەرەو پێشچوونی سەردەم و گەورەیی ناوی ناوچەی توێژینەوەکە وەك مەڵبەندێکی سەرەکیە بۆ ناوچەکە. کة سود لة بیوةری حکومةتی عیراقی و هیج بیوةریکی تر نةبةسراوة بۆ فراوانی بوونی شار و زیاد بوونی زمارةی دانیشتوان کة دةبیتة هؤی زؤر بوونی خواست لةسةر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان

**ڕێبازی توێژینەوە**::توێژینەوە زانستیەکان بەمەبەستی گەیشتنی بە ئامانجەکانیان پێویستیان بە میتۆدێك یان چەند میتۆدێك هەیەیە، توێژەرانیش لەم لێکۆڵینەوەیە بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان پشتیان بە ڕێبازی استقراء (هەلهینجان) بەستووە، کە بەوردەکاریەکان دەست پێدەکات و بە گشتیش کۆتاییی دێت وەك رێبازەکی سەرەکی،هەروەها پشتمان بە ڕێبازی وەسفی بەستووە بۆ زانینی بارودۆخی بەرجەستەیی خزمەتگوزاریەکان لە ناوچەی توێژینەوەلەهەمان کاتدا میتۆدی

شیکاری ئاماریش بەکارهاتووە بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی شوێنجێیەتی دابەشبوون و توانستەکانی خزمەتگوزاریەکان ئەمە جگە لە بەکار هێنانی هەندئ ئاماژە و پێوانەی پلاندانانی تایبەت بۆ دانانی خزمەتگوزاریەکان.

**<u>پلانی توێژینەوە</u>**: ئامانجی توێژینەوە وادەخوازێت دابەشبکەین بۆ سێ تەوەر، لە تەوەری یەکەم ئاماژە بە تێۆریی ناساندنی ناوچەی توێژینەوە دەکەین، لە تەوەری دووەم هەڵساوین بە ئەنجامدانی دابەشبوونی ئێستای خزمەتگوزاریەکان لە ناوچەی توێژینەوە، لە تەوەری سێیەمدا تیشك خراوەتە سەر شیکردنەوەی شوێنجێیەتی خزمەتگوزاریەکان و توانستە وەزیفیەکان.

## یەکەم: چورچێوەی تیۆری و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

### <u>یەکەم : ناساندنی زاراوەکان</u>

ناساندنی زاراوەکان بابەتەکی گرنگە لە توێژینەوەکاندا و بەتایبەت لە توێژینەوە جوگرافیەکان، چونکە توێژەران ئاراستەی خۆی وەردەگرێت بۆ توێژینەوەی بابەتەکە بە پێی ناسادنی زاراوە و بابەتەکان. لەلایەکی تر مەبەست و ئامانجی توێژەران روون و ئاشکرا دەبیت بۆ خوێنەر کەمەبەستی لەم بابەتە یان زاراوە یان ئاراستەی توێژینەوەکە چونە، لێرەدا چەند ناساندنێك بۆ هەریەك لە زاراوەکانی بەکار هاتوو دەخەینە روو:

**<u>1-خزمەتگوزاری(service)</u>**

لەو بابەتە گرنگانە هەژماردەکرێت کە پەیوەندیان بە ژیانی مرۆڤ و پێشکەوتنیەوە هەیە لەبەر ئەوە ئاماژەیەکی گرنگ و بنەڕەتیە لە پێشکەوتنی ژیانی خەڵکدا، پێوەرکیشە بۆ بەرێوەبردنی خزمەتگوزاری، چونکە خزمەتگوزاریەکان سیستەمێکیشە بەیەکەوە کار دەکەن بەشێوەیەکی تەواو واتا ناکرێت هیچ کامێکیان فەرامۆش بکرێت ئەمەش هۆکارێکی گەورە لە پێگەیاندن و پێشکەوتنی مرۆڤ (الدليمي،2009،ص31)

لەلایەکی تر خزمەتگوزاری کارێکی بەسودە مەبەست تێرکردن و باشکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤە کەرتی حکومی یان تایبەت پێی هەڵدەستێت بەمەبەستی دەستەبەر کردنی سودێکی دیاری کراو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستسەکانی خەڵك (کارەش،2020،لا39).خزمەتگوزاری بریتیە لەو پێداویستیانەی

کە دەتوانرێ لەرێگەیەوە ژیانیکی شایستە بۆ مرۆڤ دابین بکرێت کە بەپێی سەردەم و پیشکەوتن خزمەتگوزاریەکان بڕ و رێژەیان دەگۆڕێ.

**2- جوگرافیای خزمەتگوزاری:** لقێکە لە لقەکانی جوگرافی پراکتیکی و کە گرنگی بە لایەنی فکری و کرداری و پەیوەندیەکانی ژیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگای لادێ و شار دەدات هەروەها روبەرێکی دیاریکراو لەنێوان جوگرافیای ئابووری و جوگرافیای دانیشتوان جوگرافیای ئاوەدانی و جوگرافیای شار داگیردەکات (الهیتی،2013،ص35)

**3- خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی:** بریتیە لە هاوکاری کردنی تاك و کۆمەڵ بۆ بەکار هێنانی توانا جیاوازەکانی کۆمەڵگا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگانەی کە دێنە بەردەمی لەکاتی جێبەجێکردنی کارە کۆمەڵایەتیەکەی

بین کراوز دەڵێ: خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کاریگەرەی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر خۆشگوزەرانی تاك و خێزانەکان (مصطفی، فاطمە قادر، لا18،2020).

کاسی دی: خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بریتیە لە چالاکی خزمەتگوزاری ڕێکخراو کە بەشیوەیەکی سەرەکی و ڕاستەوخۆ گرنگی دەدات بە پاراستن و چاککردن و باشترکردنی دەرامەتە مرۆییەکان (مصطفی،فاطمە قادر، لا18،2020).

(دائیرەی مەعارف ) (دائیرە المعارف) ئینسکلۆپیدیای بۆ زانستە کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتیەکان دەربارەی پێناسەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و ڕۆڵەکەی دەڵێ بریتیە لە کارکردن بۆ هاوکاریکردن و یارمەتی دانی تاکەکان و خێزانەکان و کۆمەڵگا جیاوازەکان کە دەناڵێنن بەدەست نائارامی ژیان و کێشە کۆمەڵایەتیەکانەوە،لەبەر ئەوە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی رۆڵەکی گەورەی هەیە یارمەتی ئەوانە دەدات بەپێی پلان و تیۆرەکان دانراون تویژینەوەیان بۆ کراوە لە لایەن کەسانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی یان ئە کەسانەی کە شیاون بۆ مامەڵەکردن لەگەل سەرجەم توێژینەوەکانی کۆمەڵگا

نەتەوە یەکگرتوەکان پێناسەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دەکات بەوەی کە بریتیە لە چالاکی ڕێکخراو کە ئامانجی کارکردنە لەسەر هێنانی کایەی خۆگونجاندنی ئاڵوگۆڕە لە نێوان تاکەکان و ئەو ژینگە کۆمەلایەتیەی کە تێیدا دەژی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4- خزمەتگوزاری پەروەردەیی:** پەروەردە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتن و بەرە و پێشبردنی کۆمەڵگاکان، هەروەها پێوەری پێوانەکردنی پێشکەوتن یان دواکەوتنی هەر کۆمەڵگایە،بوونی کادیری زانستی و تەکنیکی پیشەیی کە یارمەتیدەرن لە بنیادنانی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و تەکنەلۆژی،پشت بە پەروەردە دەبەستن.هەر وولاتێك بیوێت لەهەر بوارێکدا پێش بکەوێت پێویستە بە پەروەردە دەست پێبکات.بەرزی ئاستی کۆمەڵگا لە رووی رۆشنبیریەوە لە کۆمەڵگایەکی نەخوێندەوارە دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەك کە بتوانێت پێشبکەوێت لە رووی زانست و تەکنەلۆژی و رۆشنبیریەوە، بەو پێیەی کە شارستانی و رۆشنبیری لە پێداویستیە سەرەکیەکانی بنیادنانی کۆمەڵگان، پێشکەوتن و بەرەو پێشچونیان لە رێگەی پەروەردەکردنەوە،بۆیە پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە پەروەردەکردن تەنها خوێندنەوە و نوسین نیە بەڵکو رۆشنبیری و شارستانیەتە.

**5- خزمەتگوزاری تەندروستی:** خزمەتگوزاری تەندرووستی بریتیە لە کۆمەڵێك چالاکی و شارەزایی کەوا گرووپێك لە کەسانی شارەزا پێی هەڵدەستن لە بواری پزیشکی و چارەسەر کردنی مرۆیی و بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەیوەست بە ژیانی مرۆڤ هەروەها دابینکردنی سەلامەتی ئەمەش لەرێگای بەکارهێنانی شارەزا و کارامەیی زانستی بۆ چارەسەرکردن و چاودێری کردنی نەخۆشیەکان (الهیتی،2013،ص80).

خزمەتگوزاری تەندروستی بەیەکێك لە خزمەتگوزاریە پێویستیەکان دادەنرێت کە پەیوەندی بە تەندروستی تاك و کۆمەڵگا هەیە (مصلحی،2007،ص357) هەروەها بەیەکێك بە پێوەرە گرنگەکان دادەنرێت بۆ زانینی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵا لە بواری تەندروستی دا(کارەش،2020،لا42).

**6- خزمەتگوزاری ئایینی:** مەبەست لە بەکارهێنانی خزمەتگوزاری ئاینی بریتیە لە بەکارهێنانی زەوی بۆ ئەرکە ئاینیەکان و ئەوەی پێیەوە پابەندە لە چالاکیە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان و ئاینیەکان (یاسین،،2011،ص29.)

خزمەتگوزاریە ئاینیەکان: بریتیە لە و خزمەتگوزاریانەی کە دامەزراوە ئاینیەکان پێشکەش بە شاری مسوڵمانان یاخود هەر ژینگەیەکی تر دەکەن بە گوێرەی بوونی ئاین و بیر و باوەرە جیاوازەکان وەك مزگەوتەکان و تەکیە و گۆرستانەکان و کەنیسە و دێرەکان، بەجۆرێك مزگەوت لە شارە ئیسلامیەکاندا لە پێشەنگی ئەم دامەزراوانەن لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا رۆژانە پێنج جار پێویستی پێیەتی.

## دووەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە: -

سەنتەری ناوچەی مخموور ( ناحیەی سەنتەر) وەك هەر ناوچەیەکی تری سەر رووی زەوی پێگەو رووبەری دیاری کراوی هەیە.مەبەست لە پێگەی ناوچەی لێکۆلینەوە شوێنی جوگرافی و فەلەکی سەنتەری قەزاکەیە.شوێنی فەلەکی سەنتەری قەزای مەخمور لە رووی فەلەکی یەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (43:19 - 38 :43 ) باکور، و هەردوو هێلی درێژی (43 : 35 – 58 : 35 ) رۆژهەڵاتی گۆیی زەوی.سەبارەت بە شوێنی جوگرافی سەبارەت بە پارێزگای هەولێر سەنتەری قەزای مەخمور دەکەوێتە باشووری رۆژئاوا پارێزگای هەولێر،لە باکووری ناحیەی ( گوێرە)ە لە ڕۆژهەلات ناحیەی کەندیناوە و ( دیبەگەیە) ە لە باشوور ناحیەی (قەراج) ە لە ڕۆژ ئاواش هاوسنورە لە گەل پارێزگای نەینەوا.بەڵام لەسەر ئاستی قەزا لە بەشی باکوور و ربەشیِ ۆژهەلا هی قەزاکە هاوسنوورە لەگەڵ هەریەك لە قەزاکانی (خەبات و هەولێر و دەشتی هەولێر) بڕوانە نەخشەی ژمارە (1)


سەبارەت بە ڕووبەری قەزاکە سەنتەری مەخمور، ڕووبەرێکی کەمی قەزای مخموور پێك دەهێنێت. کەوا دەگاتە نزیکەی (5.5 ) کم2، رووبەری گشتی قەزاکە ( 2543 ) کم2 ە. لەڕووی دروست بوونی یەکەکانی بەر ز ونزمی بەندە بە پێکهاتە جیۆلۆجیەکانی ناوچەکە وە جوولە تەکتۆنیەکان و ئاووهەوا، ناوچەی لێکۆلینەوە لە رووی بەرزی و نزمی یە وە لە دوو یەکە پێك هاتووە کە ئەمانیش (ناوچە دەشتایەکان، ناوچە بەرزاییەکان) سەبارەت بە ناوچە دەشتاییەکان بەرزییان دەگاتە ( 250 _ 400 ) م لە سەر ئاستی رووی دەریاوە، هەر چەندە لە باشوور و باشووری ڕۆژئاوا بە رەو باکوور بڕۆین بەرزایەکانیان زیاد دەکات. سەبارەت بە ناوچە بەرزەکان ئەم ناوچەیە ڕووبەرێکی کەمی سەنتەری قەزاکە پێك دەهێنێت کە دەگاتە نزیکەی ( 5 % ) ی رووبەری گشتی ناوچەی لێکۆلینەوەکەیە. سەبارەت بە ئاو و هەوای ناوچەی توێژینەوە، گومانی تیایدا نیە (گەرمی و دابارین ) لە گرینگترین رەگەزەکانی کەش و هەوا دەژمێردرێت کە راستەو خۆ کار دەکاتە سەر ژیانی رووەکی و ئاژەڵی و ئادەمیزاد و چالاکیە ئابووریەکانی لە هەرێمدا،لەڕووی پلەی گەرمیەوە کانوونی دووەم ساردترین مانگە تێکرای پلەی گەرمیەکەی ( 3، 8 ) پلەی سەدی یە هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ شوێنی جوگرافی و شوێن بە گۆێرەی بازنەکانی پانی و بەرزونزمی و تۆپەڵە هەوایەکان. مانگی تەمموز گەرمترین مانگە تێکرای پلەی گەرمیەکەی 36 پلەی سەدی تێکرای پلەی گەرم ساڵانە لەم وێزگەکەدا (1،6 2 ) بێ گومان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیاوازی تێکرای پلەی گەرمی رەنگدانەوەی دەبێت لە سەر رووی زەوی گەشەکردنی رووەك.(دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان،بەشی دابارین و بلەی کەرمی،2020).
سەبارەت بە دابارین تێکرای باران بارینی ساڵانەی دەگاتە (350 ملم)، لە ماوەی نێوان ساڵانی (10 0 2، 19 0 2 ) (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان،بەشی دابارین،2020). ئەم برە بارانەش لە گۆران دایە کەم و زیاد دەکات لە سالێکەوە بۆ سالێکی تر و لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی تر ئەم گۆرانەش دەگەرێتەوە بۆ تێپەر بوونی نەوراییە کەش و هەوایەکان بەرزو نزمی پلەی گەرمی. ئاوی سەر زەوی هەمو و ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە لەسەر رووی زەوی دەردەکەون. برِو جۆری ئاوی لەبەر رۆیشتوو جۆری سەرچاوەکانی ئاو تیایدا لە سالێك بۆ سالێکی تر جیاوازە، بەڵام سەنتەری مەخمور لقە رووبارێکی سەرەکی پێدا ناروات و لەگەل ئەمەش ناوچەیەکی بارانی نامسۆگەرە، گرینگترین پرۆژەی ناوچەی توێژینەوە پرۆژەی(سولتان عبدالله) ئاو بۆ هەموو سەنتەری مەخمور دابین دەکات ئاوەکە لە رووباری دیجلەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەنتەری مەخمور.ئاوی ژێر زەوی هەموو ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە لە ژێر زەوی پەنگیان خواردووە وە بە دوو شێوەش لە سەر رووی زەوی دەردەکەون،بە شێوەی سرووشتی وەك (کانی و کانیاو ) بە شێوەی دەستکرد وەك (بیر و کارێز)، سەنتەری مەخمور لە رووی حەوزی ئاوی ژێر زەوی هەر چەندە لە حەوزەکانی باشووری هەولێر وەك پارێزگان، لە حەوزی مەخموور بەرە و حەوزەکانی باکوور برۆین بری ئاوەکە زیاد دەکات و جۆری ئاوەکەش باشتر دەبێت و پێچەوانەکەشی راستە،سەنتەری مەخمور خاوەن یەك حەوزە ئەویش حەوزی دەشتی مەخمور (مەخمور، قەراج). لە رووی بیرەکان سەنتەری مەخمور خاوەن بیست بیری سەرەکییە بیجگە لە بیرانەی کە خەلك لە مالەوە بۆ خۆیان لێ دەدەن، قوولی بیرە سەرەکیەکان (300) م دەبێت بەلام بیرەکانی ناو مال قولیان ناگاتە ( 100 ) م،قولی بیرەکان لە گوندێك بۆ گوندێکی تر جیاوازە.سەبارەت بە کانی بە شێوەیەکی سروشتی لەسەر رووی زەوی دەردەکەوێت بەبێ دەستکاری مرۆڤەوە. کەمی رادەی باران لە سالێکەوە بۆ سالێکی تر کاریگەری زۆری لەسەر کەم وزۆری ئاوی ئەم کانیاوانە هەیە. لە رووی کانیاوەکان سەنتەری مەخمور پشت بەم کانیاوانە دەبەستێت (ئاوی سەیدەمین، کانی بەروونە، ئاوی ترشاوکێ، ئاوی دەرماناوی، ئاوی بن بەردی، ئاوی شەحادەی، کانی تاریکە، کانی کۆتکە، کانی دێواری، کانی چکە، کانی وەکازەی، کانی مامزان).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی ژمارە (1) شوێنی ناوچەی توێژینەوەبەگوێرەی پارێزگای هەولێر




کاری توێژەر پشت بەست بە دەستەی ئاماری هەرێم بەشیgis ,سالی 2020

## تەوەری دووەم: گرنگترین خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچەی توێژینەوە

دابەشبوونی شوێنی دیاردە جوگرافیەکان بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکان دادەنرێت لە زانستی جوگرافیادا، بۆیە دابەشبوون لە جوگرافیادا بریتیە لە دووبارە بوونەوەی دیاردەکان لە شوێنێکدا یان ئەو ڕێکخستنەیە کە لە ئەنجامی دابەشبوونی دیاردەکان بەگوێرەی شیوازێکی تایبەت دەردەکەوێت (الخير،2000،ص282).

خزمەتگوزارییەکان یەکێکە لە پێوەرە کۆمەڵایەتیە گرنگەکان توانای کۆمەڵگا پێ دیاری دەکرێت، لە ڕووی توانا و کارکردن و وەرگرتنی مافەکانی پێوە بەندە، لەبەر ئەوە پەرەپێدانی کەرتی خزمەتگوزاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە پێشینەی کاری پلاندانەرانی وڵاتە بەمەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی تیایدا خزمەتگوزاریەکان لە ناوچەی توێژینەوە پێشەکش دەکرێت لە ڕێگای فەرمانگە خزمەتگوزاریەکان.

ناوچەی توێژینەوەپێکدێت لە حەوت گەڕەك کە ژمارەی دانیشتوانیان (20,154) بڕوانە نەخشەی (2)، هەروەها ناوچەی توێژینەوەخزمەتگوزاری جۆراو جۆر لەخۆ دەگرێت بەجۆرێك کۆی گشتی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان پێکدێت لە (35) خزمەتگوزاری کە دابەشبوون بەسەر گەرَەکەکانی ناوچەی توێژینەوەبڕوانە خشتەی (1) و نەخشەی (3).
لێرەدا بەمەبەستی ئاشنا بوون بە ئێستای دابەشبوونی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچەی توێژینەوە هەوڵدەدەین بەجیا باس لەهەر یەکەیان بکەین بەم شێوەی لای خوارەوە:

**<u>2-1خزمەتگوزاری پەروەردە</u>** لەناوچەی توێژینەوە(11)خزمەتگوزاریی پەروەردەیی لەخۆ دەگرێت بڕوانە خشتەی (1) و نەخشەی (3)، بەجۆرێك گەرەکی (سەرایی) بەرزترین ژمارەیان هەیە بەجۆرێك کە سێ خزمەتگوزاری فێرکاریە کە هەرسێ جۆری پەروەردە لەخۆ دەگرێت کە ئەمانیش (باخچەی ساوایان و قوتابخانەی بنەرەتی و ناوەندیە) لە پلەی دووەم هەریەك لە گەرەکەکانی (شیروان و قەلا )دێن کە ژمارەیان دوو خزمەتگوزاریی پەروەردەییە، بەلام هەریەك لە گەرەکەکانی (فەرمانبەران و بندیان و شەهیدان و کوردستان یەکی (1) خزمەتگوزاری پەروەردەیی لەخۆ دەگرێت

**<u>2-2خزمەتگوزاری تەندرووستی</u>** خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە دیارترین ئەم خزمەتگوزاریانەن کە شار پێشکەشی دانیشتوانیان دەکات چونکە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ناوچەی توێژینەوە(دوو) خزمەتگوزاری تەندروستی لەخۆ دەگرێت کە ئەمانیش بنکەی تەندروستین و بەدیاریکراویش کەوتۆتە گەرەکی سەرایی بڕوانە خشتەی (1) و نەخشەی (3)

**<u>2-3خزمەتگوزاری باخچەی گشتیەکان:</u>** مەبەست لە باخچە گشتیەکان ئەو ناوچە تایبەتانە کە لە گەرەکەکانی نیشتەجێ بوون دا هەن، نزیکترینی ناوچە خۆشگوزەرانیەکانن لە ناوچەکانی نیشتەجێ بوونەوە، لەگەڵ گرنگی دانی حکومەت بە دروستکردنی ناوچە سەوزایی و باخچەکان لە گەڕەکەکان دا و هەروەها لە گەرەکە نوێیەکان و ئەو شارانەی کەوا لە لایەن کەرتی تایبەت بوونیات نراون بەلام لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوچەی توێژینەوەتەنها سێ شوێن تەرخان کراوە بۆ ناوچەی سەوزایی و باخچەکان ئەمانیش هەریەك لە باخچەکانی (سەرایی یەك،سەرەی دوو، شەهیدان) خشتەی (1)، کە باخچەی سەرایی دوو بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە لەناو براوە لەلایەن خودی دانیشتوانی گەرەکەکە، جگە لەمەش بەهۆی بێ خزمەتی و کەمی ئاو ئەو دوو باخچەیەی تر توشی لەناوچون دەچن.

خشتەی (1) دابەشبوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچەی توێژینەوەلە سالی 2020

| ژ | ناوی گەڕەك | پەروەردە | تەندروستی | باخچە | یاریگا | قاوەخانە و چێشتخانە | هۆڵی بۆنەکان | مزگەوت | کتێبخانە | هۆڵی وەرزشی | سەنتەری لاوان | مەلەوانگە | هۆڵی لەشجوانی | کۆی گشتی خزمەتگوزارییەکان | ڕێژەی گردبوونەوە بۆ گەڕەك |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەرایی | ٣ | ٢ | ٢ | ١ | ٣ | | ١ | ١ | | | | ١ | ١٤ | ٪٤٠ |
| ٢ | شێروان | ٢ | | | | | | ٣ | | | | | | ٥ | ٪١٤.٢ |
| ٣ | فەرمانبەران | ١ | | | | | | | | | | | | ١ | ٪٢.٨ |
| ٤ | قەلا | ٢ | | | ١ | | ١ | ٢ | | | | | | ٥ | ٪١٤.٢ |
| ٥ | بنيان | ١ | | | | | | ١ | | | | ١ | | ٣ | ٪٨.٥ |
| ٦ | شەهیدان | ١ | | | | | | ٢ | | | | | | ٣ | ٪٨.٥ |
| ٧ | کوردستان | ١ | | | ١ | | | ١ | | ١ | | | | ٤ | ٪١١.٤ |
| کۆی گشتی | | ١١ | ٢ | ٢ | ٣ | ٣ | ٠ | ١٠ | ١ | ١ | ٠ | ١ | ١ | ٣٥ | ٪١٠٠ |

کاری توێژەر، سەردانی مەیدانی.

**2-4- <u>خزمەتگوزاری یاریگا</u>:** ئەم یاریگایەش شوێنێکن بۆ خۆشگوزەرانی و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکان بە مەرجێك ئەو ئامراز و چاڵاکی و جموجوڵانە دەستەبەر بن کە دەستە تەمەنە جیاوازەکان پێویستیان پێیان هەیە، لە ناوچەی توێژینەوە (3) یاریگا بوونی هەیە کە هەر سێ یاریگا (6) یاریزانین کە وتونەتە هەریەکە لە گەڕەکەکانی (سەرایی و قەڵا و کوردستان) خشتەی (1)،

**2-5- <u>خزمەتگوزاری گازینۆ و چێشتخانە</u>:** گازینۆ لەو شوێنانن کە لاو و بەتەمەکانی تێدا کۆ دەبیتەوە بە مەبەستی لەگەڵ یەك دانیشتن و چاوپێکەوتن و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکان و ئەنجامدانی یارییە میللەکان (علی1980،ص102). هەرچی چێشتخانەکانە دەتوانین بڵێین ئەو شوێنانەن کە بەشێکی تەواو کاری ناوچە خۆشگوزەرانیەکانن و دامەزراندنیشی لە ڕووی گەشتوگوزارییەوە پشت بە شوێنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چێشتخانەکە و جۆری ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشی دەکەن و هەروەها جۆری ئەو خواردنانەی کە پێشکەشی دەکەن، هەروەها چێشتخانەکان یەکێکن لە گرنگترین دارامەتەکانی داهاتی تایبەت بە دامەزراوە گەشتوگوزارییە جۆراوجۆرەکان و هەروەها یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی داهاتی نیشتمانی (سعيد،2011،ص14)، سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوەژمارەی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە تەنها( یەك گازینۆ و دوو چێشتخانە ) کە کەوتۆتە گەرەکی سەرایی خشتەی (1)،

**2-6- خزمەتگوزاری سەنتەری لاوان:** سەنتەرەکانی لاوان یەکێکن لە گرنگترینی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان کە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا نیشان دەدات، بەڵام لە ناوچەی توێژینەوەئەوەی تێبینی دەکرێت کە هیچ سەنتەرێکی لاوان لەخۆ ناگرێت لەگەڵ ئەوەی سەنتەرێکی گرنگە. خشتەی (1)

**2-7- خزمەتگوزاری هۆڵی بۆنەکان:** لەناوچەی توێژینەوەتەنها یەك هۆڵ هەن کە تایبەتن بە هۆڵی ئاهەنگەکان و بۆنە ئاینیەکان ئەمیش کەوتۆتە گەرەکی قەڵا. بڕوانە خشتەی (1)

**2-8- خزمەتگوزاری کتێبخانە:** سەنتەرێکی گرنگن بۆ خۆشگوزەرانی چونکە هەڵی خوێندنەوە و شارەزابوون بۆ گشت لقە جیاوازەکانی زانست دەکاتەوە کە دەرگاکانی والایە بۆ گشت دەستە تەمەنەکان. لە ناوچەی توێژینەوە تەنها کتێبخانەیەکی لێ یە کە ئەمیش کەوتۆتە گەرەکی سەرایی


**2-9- خزمەتگوزاری ئاینی:** خزمەتگوزاریی ئاینی لە ناوچەی توێژینەوە (10) مزگەوتە بەجۆرێك حەوت لەو خزمەتگوزاریانە مزگەوتی هەینیە و سێیانیان تەنها مزگەوتە، بەجۆرێك گەرەکی شێروان (3) خزمەتگوزاری ئاینیە کە دوانیان مزگەوتی هەینیە و یەکیان تەنها مزگەوتە
هەریەك لە گەرەکەکانی (شەهیدان و قەلا بە پلەی دووەم دێن کە ژمارەیان دوو خزمەتگوزاری ئاینیە، بەلام گەرەکی فەرمانبەران هیچ جۆرە خزمەتگوزاریەکی ئاینی لەخۆ ناگرێت. بڕوانە خشتەی (1)،

**2-10 - خزمەتگوزاری هۆڵی لەشجوانی و مەلەوانگە:** بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە (1) تێبینی ئەوە دەکرێت هەردوو جۆری خزمەتگوزاریەکە لەناوچەی توێژینەوە هەژارن کە بەتەنها یەك هۆڵی لەشجوانی لە گەرەکی سەراییە و یەك مەلەوانگەش لەخۆ دەگرێت بە دیاری کراوی کەوتۆتە گەرەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


بندیان. بڕوانە خشتەی (1). ئەوەی تێبینی دەکرێت ناوچەی توێژینەوەگەڕەکی سەرایی بە پلەی یەکەم دێت کە زۆرترین خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێتە خۆ بە جۆرێك (14) خزمەتگوزاریە بە ڕێژەی لە (%40) هەروەها بە پلەی دووەم هەریەك لە گەڕەکەکانی (شیروان و قەلا) دێن بە ڕێژەی (%14.2)، هەژارترین گەرەکیش گەرەکی فەرمانبەرانە کە یەك خزمەتگوزاری لەخۆدەگرێت بە ڕێژەی (%2.8) لەکۆی گشتی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکانی لە ناوچەی توێژینەوە.

نەخشەی ژمارە (2): دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکان لە ناوچەی توێژینەوە ساڵی 2020




کاری توێژەر پشت بەست بە دەستەی ئاماری هەرێم بەشی gis2020

نەخشەی ژمارە (3)




کاری توێژەر پشت بەست بە 1-دەستەی ئاماری هەرێم بەشی gis .2020 2- دەستەی ئاماری هەرێم بەشی دانیشتوان

## تەوەری سێیەم: شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنیی خزمەتگوزارییەکان.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی جوگرافیا ئەوەیە کە بەزۆری پیوەرەکانییەوە ناسراوە دەربارەی دابەشبوونی دیاردەکان، کە دەکرێت زیاتر لە پێوەرێك بەکاربهێنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان و هەریەکێکش لەو پێوەرانە ئاماژە و تایبەتمەندیەکی جوگرافی تایبەت بەخۆی هەیە لەوانە (ناوەندی شوێنیی Mean center)، (ئاڕاستەی دابەشبوون Directional Distribution) (دووری پێوانەیی Standard Distance). تێکرایی نزیکترین هاوسێ: Average Nearest Neighbor کە دەکرێت بەکاریان بهێنین بۆ توێژینەوەلە سروشت و تایبەت مەندی دابەشبوونی خزمیتگوزاریەکان لە سەنتەری قەزای مەخموور.

### 3-1 ناوەندی شوێنیی Mean center.


ناوەندی شوێنیی بەهەنگاوی یەکەم دادەنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان، لەبەر ئەوەی شوێنێکی ناوەندی دیاریدەکات کە دەکەوێتە سەنتەری ڕەگەزەکانی دیاردەکە (عبدارحمان،

2014،ص 20) یەکێکە لەسادەترین ئامانجی پێوەرەکانی گردبوونەوە دیاریکردنی چەقی ناوەندیە بۆ هەر دابەشبوونێکی شوێنیی کە جوگرافیزانان بەکاریدەهێنن لە توێژەینەوەکانی دابەشبوونی شوێنییدا بە دیاریکردنی چەقی ڕاکێشان بۆ ئەم دابەشبوونە، (السماك والعزاوی،2011،ص161) ئەمەش لەڕێگای هەژمارکردنی ناوەندی تەوەرەی (X) و تەوەرەی (Y) بۆ گشت دیاردەکانی جوگرافیەکانی ناوچەی توێژینەوە (الشافعی،2008،ص386)، ئەم پێوەرە سوودی لێدەبینرێت بۆ پێوانەکردنی ماوەی گۆڕانی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان لەماوەیەکی دیاریکراودا، یان بۆ بەراوورد کردنی نێوان دابەشبوونی ڕەگەزەکانی دوو دیاردە یان زیاتر لە شوێنێکی دیاریکراودا یاخود دیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ ڕەگەزێك کە پێویستە شوێنێکی ناوەندی هەبێت بۆ نموونە شوێنە بازرگانیەکان یان خزمەتگوزارییە گشتییەکان (عبداللە، 2012،ص32).

بەجێبەجێکردنی تەکنیکی ناوەندی شوێنیی (Mean center ) لەچوارچێوەی پرۆگرامەکانی (Arc Gis) لەسەر خزمەتگوزارییەکان لەسەنتەری قەزای مخموور کە دەرئەنجامەکەی لە نەخشەی (4) دا دەردەکەوێت، گونجاوترین شوێن بۆ دەست نیشان کردنی تایبەتمەندی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی پێوەری ناوەندی شوێنی بۆمان دەردەکەوێت: کەوا ناوەندی شوێنیی خزمەتگەوارییە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچەی توێژینەوە کەوتۆتە ناوەڕاستی شار و بە دیاری کراویش دەکەوێت گەڕەکی سەرایی، ئەم گەرەکە خاڵی ڕاێشکردنی سەرەکی دەنوێنێت بۆ دابەشبوونەکان یاخود سەنتەری جوگرافی گردبوونەوەکانە. سەرەڕای بوونی مێژووی کۆنی گەڕەکی سەڕای کە یەکەم گەڕەکە لەگەڵ بونیادنانی سەنتەری مەخموور بوونی هەیە، ئەمیش هۆکارێکە بۆ ناوەندی شوێنی دەستنیشان بکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی ژمارە (4)



کاری توێژەر لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6)

**2-3-ئاراستەی دابەشبوون (Directional Distribution).**تەکنیکی ئاراستەی دابەشبوون هەڵدەستێ بەپێوانەکردنی ئاراستەی دابەشبوونی دیاردەکان یاخوود ڕەگەزەکانی دیاردەیەك، کە دەورەی ناوەندە شوێنیەکەیاندا بڵاوبوونەتەوە، لە ڕێگای وێنەکێشانی بازنەیەکی شێوە هێلکەیی بەدەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا بەمەش ئاراستەی شێوە هێلکەییەکە ئاماژەیە بە ئاراستەی دابەشبوونی دیاردەکان، کە زۆربەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە دەگرێتە خۆی ( داود،2014،ص273) خشتەی (1 ) نەخشەی (4) تایبەتن بە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان.

لەدوای جێبەجێ کردنی تەکنیکی ئاراستەی دابەشبوون (Directional Distribution)، لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc Gis) لەسەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لەناوچەی توێژینەوەوەبەو دەرئەنجامە گەیشتین: ئاراستەی ڕاستەقینەی بڵاوبوونەوەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەکە شێوەیەکی هێلکەیی وەرگرتووە لە تەرزەکانی دابەشبوونی لە سنووری نێوان باشوور و باکووردا بە لار بوونەوەیەکی کەم بەرەو باکوری ڕۆژهەلات، پلەی سووراوەی (40) پلەیە، بەشێوەیەك (57%)ی خاڵی خزمەتگوزاریەکان گرتووەتە، بەجۆرێك ئاراستەی بڵاوبوونەوەیان هەمان ئاراستەی فراون بوونی شارەکەی و بلاوبوونەوەی دانیشتوانی وەرنەگرتووە بەهۆی ئەوەی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی پلان بۆ دانراو بەسەر ناوچەی توێژینەوە دا بڵاو نەبووەتەوە. کە ئەمەش کاری کردۆتە سەر توانستی وەزیفی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست جێبەجێ بکەن.

خشتەی (2): ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچەی توێژینەوە2020

| بەهای تەوەرەکانی ئاراستەی دابەشبوون | | | ڕێژەی سەدی ژمارەی بنکەژ تەندروستییەژکانی ناو شێوە هێلکەییەکە |
|---|---|---|---|
| بەهایX(م) | بەهای Y(م) | پلەی سوورانەوە | 57 |
| 515 | 630 | 40 | |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی ئاراستەی دابەشبوون لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6)

**3-3-دووری پێوانەیی ( Standard Distance)** دووری پێوانەیی یەکێکە لەپێوەرەکانی گردبوونەوە و بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی ماوەی چڕبوونەوە و بڵاوبوونەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەیەك لە یەکە ڕووبەرێکی دیاریکراودا. ئەمەش بە پشتبەستن بە ماوەی جیاکەرەوەی نێوان ڕەگەزەکانی دیاردەکە و ناوەندە شوێنیەکەیان، دەکرێت لەسەر نەخشە بنوێنرێت بەکێشانی بازنەیەك کە سەنتەرەکەی ناوەندە شوێنیەکەیەتی، هەروەها نیوە تیرەکەشی یەکسانە بە دووری پێوانەیی. لە ڕاستیدا ئەم بازنەیە (68.27%) توخمەکانی دیاردەکانی لەخۆ گرتبوو ئەوە توخمەکانی ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبووەو جگە لەمە هەر جۆرە دابەشبوونێك دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی ترەوە (عبدالله و حسن، 2008، ص106)

دوای جێبەجێ کردنی تەکنیکی دووریی پێوانەیی لە تەکنیکی (Standard Distance) لە ژێر هەردوو لیستی (Measuring Geographic Distributions) و (Spatial Statistics Tools)، بەشێوەیەکی یەك بەدوای یەکدا لە بەرنامەی Arc Gis و جێبەجێکردنی لەسەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە سەنتەری قەزای مەخموور لەخشتەی (3) و نەخشەی ( 4) تێبینی دەکرێت، خزمەتگوزاری کۆمەلایەتیەکان لە دابەشبوونیان بەدەوری ناوەندە شوێنیەکاندا زیاتر مەیلیان بەرەو دابەشبوونێکی نا سروشتی دەچێت، شێوازێکی لێك نزیکی وەرگرتووە، هەروەها دابەشبوونی خزمەگوزارییەکان شێوەیەکی چڕی وەرنەگرتووە.بەگوێرەی دەرئەنجامی دووری پێوانەیی کەیان، کە جیاوازە لە ڕێژەی سروشتیەوە، بەجۆرێك ڕێژەی ئەو خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیەکان کەوتوونەتە ناو یەك دووری پێوانەییەوە بریتییە لە (62.85%)، هەروەها دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا بەڵگەیەکی لاوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاری بەپێی پلاندانان نیشان دەدات.

خشتەی (3) دەرئەنجامی دووری پێوانەیی لە ناوچەی لێکۆلینەوە دا ساڵی 2020

| گۆڕاوەکان | دووری پێوانەیی بە مەتر | ڕێژەی سەدی ئەو خزمەتگوزارییەی کەوتۆنەتە ناو بازنەیەکی یەکسان بە یەك دووری پێوانەیی % |
|---|---|---|
| سەنتەری مەخموور | 575 | 62.85 |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی ئاڕاستەی دابەشبوون لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6)

## 4-3- هاوکۆلکەیی نزیکی دراوسێیەتی: Average Nearest Neighbor

پەیوەندی هاوسێیەتی یەکێکە لە گرنگترین ڕێگا ئامارییەکان بۆ دۆزینەوەی سروشتی دابەشبوونی شوێنیی دیاردە جوگرافییەکان، کە دەکرێت لە ڕێگایەوە پلەی ڕێکی و هەرەمەکی دیاردەکانی پێ بپێورێت لە یەکە ڕووبەرێکی دیاریکراودا، ئەمەش لەمیانەی شیکردنەوەی دووری ڕاستەقینەی جیاکەرەوە لەنێوان ڕەگەزەکانی دیاردەکەو و ڕێژەی تێکراکەی بەرامبەر بە تێکرایی دووری پێشبینکراوی نێوان دیاردەکان لەشێوازی هەرەمەکیدا (الصالح، 2000، ص 27)، نرخی ئەم پێوەرە لە نێوان (0) بۆ (2.149)ە. بەجۆرێك نرخی (سفر) شێوازی کۆکراوەیی ئەنوێنی و(0.1 – 0.5) لەیەك نزیکی نارێك، و(0.6 – 0.9) لەیەك نزیکی بەرەو هەرەمەکی، و یەکی تەواو شێوازێکی هەرەمەکی دەنوێنێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وە (1.1 – 1.9) شێوازێکی لە یەك دوور، هەروەها (2– 2.149) شێوازێکی ڕێك و پێك دەنوێنێ (داود، 2000، ص228)

دەکرێت لە میانەی لە خشتە (4)، و شێوەی (1) کەشێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچەی توێژینەوە دەنوێنن تێبینی ئەوە بکەین کە نرخی پلەی پێوەری (Z-Score)، (0.89) بوو، کە ئەم نرخەش دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ناچاری Critical Value (2.58). واتە کەوتۆتە ناوچەی پەسەند نەکراو، لەبەر ئەوە گریمانەی بنەڕەتی ڕەتدەکەینەوە کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان شێوازێکی هەرەمەکییەو و دەرئەنجامی هۆکاری ڕێکەوت بووە، بۆیە گریمانەی جێگرەوە قبوڵ دەکەین کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکۆمەڵایەتیەکان شێوازێکی تایبەت و ڕێکخراوە لە ژێر کاریگەری هۆکاری دیاریکراو دایە و دوورە لە شێوازی هەرەمەکی وە ئاستی باوەڕپێکردن گریمانەکە (0.01) بە واتای( 1 % )ئەگەری هەڵە بۆ قبوڵ نەکردنی راستی گریمانەکە هەیە هەروەها نرخی بەهای شیکردنەوەی پەیوەندی هاوسێیەتی گەیشتۆتە(0.92) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا شێوازی دابەشبوونەکەیان شێوازێکی لەیەك نزیکی بەرەو هەرەمەکی یە، هۆکارەکەشی بەندە بەوەی کە بەشێك لەم خزمەتگوزارییانە پێویستیان بە ژمارە و پسپۆری و خزمەتگوزاریە جۆربەجۆرەکان هەیە ئەمە جگە لەوەی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی یەکسان دابەشبکرێن بەسەر ناوچەی توێژینەوەو خزمەتگوزاریەکان بگات بەتەواوی ناوچەی توێژینەوە


خشتەی (4): دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی بنکە تەندروستیەکان لە ناوچەی توێژینەوەساڵی2020.

| بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی | بەهای پێوەری Z_ score | ئاستی باوەر پێکراو Signification level | بار | شێوەی دابەشبوونی دامەزراوەکان |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 0.92 | 0.89 | 0.01 | پەسەند نەکراو | لەیەك نزیكی بەرەو هەرەمەكی |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی پەیوەندی هاوسێیەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوەی ژمارە (1): شیکردنەوەی نزیکی هاوسێیەتی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچەی توێژینەوەساڵی 2020




کاری توێژەر پشت بەستن بە بەرنامەی GIS بەشی Nearset Neighbor

## تەوەری چوارەم: هەلسەنگاندنی خزمەتگوزاری پەروەردە و تەندروستی:

لەڕووی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لایەتی پەروەردە و تەندروستی لە لوتکەی خزمەتگوزاریەکان دێن ئیمە لێرە بەگوێرەی پێوەر هەڵسەنگاندن بۆ هەریەك لە خزمەتگوزاریەکانی ئاماژە بۆ کراو دەکەین تا بگەین بە ئەنجامێك کە ئایە گونجاوە لەگەڵ پێوەری عیراقی یان چ شێوەیەکی هەیە بۆیە لەخوارە هەریەکیان بەجیا باسدەکەین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4-1پەروەردە**

دیارە کۆمەڵێك پێوەر هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی توانستەکانی خزمەتگوزاری پەروەردەی کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان پشتی پێدەبەسترێت ئەم پێوەرانەش بە گوێرەی قۆناغەکانی خوێندن جیاوازن ئێمەش بۆ زانینی توانستی خزمەت گوزاری پەروەردەی پشت بە هەندێك پێوەر دەبەستین کە زیاتر کاریان پێدەکرێت برتین لە پێوەرەکانی(قوتابی/مامۆستا)(قوتابی/هۆبە)(قوتابی/قوتابخانە) لە گرینگترین پێوەرەکانن دابەشیان دەکەین بەسەر قۆناغەکانی خوێندن بەم شێوەی خوارەوە:

4-1-أ- باخچەی مندالان: داتا پەیوەندی دارەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە لە کۆی (٧) گەرەك تەنها (1) گەرەك باخچەی مندالانی تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە ئێمەش لە هەڵسەنگاندنەکە تەنها ئاماژە بە (1) گەرەك دەکەین لەرووی توانستی خزمەتگوزاری باخچەی مندالان لە سەنتەری قەزای مەخموور، بەم شێوەیەی خوارەوە:

4-1-أ-1 -پێوەری مندال / مامۆستا: بەگوێرەی ئەم پێوەرە ناوچەی توێژینەوە ژمارەی بەرکەوتی مندال/مامۆستا بریتەیە لە (14.7) مندال/مامۆستا لەخۆوە دەگرێت، ئەم ڕێژەیەش نزیکە لە ستانداردی عێراقی کە پشکی ٢٠ منداڵ/ مامۆستایە.

4-1-أ-2 پێوەری مندال / هۆبە: بەگوێرەی ئەم پێوەرە ناوچەی توێژینەوە ژمارەی بەرکەوتی مندال/ هۆڵ بریتەیە لە (29.5) مندال/هۆبە لەخۆ دەگرێت، ئەم ڕێژەیەش گونجاوە لە ستانداردی عێراقی پشکی ٣٠ منداڵ/ هۆبە دیاریکراوەو لە پێوەری ستانداری جیهانی ٢٠ منداڵ/ هۆبە دیاریکراوە.

4-1-أ-3پێوەری منداڵ/ باخچە: داتا پەیوەندیدارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تێکڕای قەبارەی مندالانی باخچەی مندالان لە ساڵی خوێندنی ( 2019- 2020 ) لە ئاستی ناوچەی توێژینەوە(59) منداڵ بووە، ئەم ڕێژەیەش زۆر کەمە لە ستانداردی عێراقی کە پشکی یەك باخچەی منداڵانی لە 150 - 180 منداڵ / باخچەی مندالانی دیاری کردووە.ناوچەی لێکۆلینەوە (1) خزمەتگوزاری باخچەی مندالانی تێدا بەدی دەکرێت،هەروەها منداڵ/مامۆستا لەڕوی پێوەری عیراقی زۆرکەمە،ئەوەی تێبینی دەکرێت منداڵ/هۆبە گونجاوە لەگەڵ پێوەری عیراقی

خشتەی (5): بەرکەوتی مندال بەگوێرەی (قوتابخانە-مامۆستا-هۆبە) لەسەنتەری ناحیەی قوشتەپە

| ناوی باخچە | ژمارەی مندال | ژمارەی هۆبة | ذمارةی مامؤستا | ناوی پێوەر | پێوەر | بارودۆخی بةرجةستة | جیاوازی نێوان باردۆخی بەرجەستەو پێوەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی مندالانی مةخموور | 59 | 2 | 4 | مندال/مامۆستا | ٢٠ | 14.7 | 6 - |
| | | | | مندال/هؤبة | عیراقی ٣٠<br>جیهانی ٢٠ | 29.5 | بةئیَی ئیَوةرة |
| | | | | مندال/باخچە | ١٥٠-١٨٠ | 59 | 91 - |

سەرچاوە:1-سەردانیمەیدانی 2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەدە,بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر, ,هۆبەی پلان دانان,زانیاری بڵاونەکراوە,2020.

4-1-ب قوناغی بنەڕەتی: قوناغی بنەرەتی بەهەمان شێوە بە سێ پێوەری جیا وەردەگرین لەهەر پێوەرێك قوتابی بەرامبەر (مامۆستا، هۆبە، قوتابخانە) وەردەگرین.

4-1-ب - 1-پێوەری قوتابی/مامۆستا ئەگەر سەیر بکەین لەسەر ئاستی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بە جێ بەجێ کردنی ئەم پێوەرە بۆمان دەدەکەوێت نزیکەی21قوتابی/مامۆستایە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ باردۆخێکی باش و نەگونجاو لەگەڵ پێوەری دانراو بۆ هەڵسەنگاندن واتا قوتابی کەمترە لە ئاستی پرکردنەوەی پێداوێستی بەرامبەر مامۆستا.

4-1-ب -2-پێوەری قوتابی/هۆبە: بەگوێرەی ئەم پێوەرە لە ناوچەی توێژینەوەبەشێوەیەکی گشتی نزیکەی (46.5) قوتابی/هۆبە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ باردۆخێکی خراپ و نەگونجاو لەگەڵ پێوەری دانراو بۆ هەڵسەنگاندن واتا زیاترە لە ئاستی پرکردنەوەی پێداوێستی، بەجۆرێك (21.5) قوتابی زیاترە لە ژمارەی هۆبە.

4-1-ب -3-پێوەری قوتابی/قوتابخانە: بەجێ بەجێ کردنی ئەم پێوەرە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە سەنتەری ناحیە (287) قوتابی/ قوتابخانە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ باردۆخێکی باش و تاڕادەیەك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گونجاو لەگەڵ پێوەری دانراو بۆ هەڵسەنگاندن واتا ژمارەی قوتابی کەمترە لە ئاستی پڕکردنەوەی پێداوێستی، بەجۆرێك قوتابخانەکان (13) قوتابی لەبەرامبەر پێوەرەکە کەمترە.

خشتەی (6): بەرکەوتی قوتابی قۆناغی بنەڕەتی بەگوێرەی (قوتابخانە-مامۆستا-هۆبە) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

| شوێن | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی هۆبە | ژمارەی مامۆستا | ناوی پێوەر | پێوەر | بارودۆخی بەرجەستە | جیاوازی نێوان بارودۆخی بەرجەستەو پێوەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری مخموور | 11 | ٥٠٧٦ | ١٢٨ | ١٨٧ | قوتابی/مامۆستا | 25 | 21 | 4+ |
| | | | | | قوتابی/هۆبة | 25 | 46.5 | 21.5- |
| | | | | | قوتابی/قوتابخانة | 300 | 287 | 13+ |

سەرچاوە:1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەدە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای دەشتی هەولێر، هۆبەی پلاندانان، زانیاری بڵاونەکراوە,2020.    2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی، هۆبەی پلان دانان، زانیاری بلاونەکراوە,2020.

1-4-ج-قوناغی ئامادەیی: هەوڵدەدەین بەبەکارهێنانی پێوەرەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عیراق حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێك لە توانستە بنەڕەتیەکانی خزمەت گوزاری پەروەردەی هەلبسەنگێنین تاوەکو بگەینە ئەو ئەنجامەی ئایا ناوچەی توێژینەوەلە ڕووی خزمەت گوزاری پەروەردە لەئاستی پێویستە یاخود کەم وکوڕی هەیە، گرینگترین پێوەرەکان بریتین لە:

1-4-ج-1-پێوەری قوتابی/مامۆستا: بەگوێرەی ئەم پێوەرە ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەی بەرکەوتی قوتابی/مامۆستا بریتەیە لە (14) قوتابی/مامۆستا لەخۆوە دەگرێت، بەجۆرێك قوتابییەکان بەرامبەر ژمارەی مامۆستا (16) قوتابی کەمترە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4-1-ج-2-پێوەری قوتابی/هۆبە: ئەم پێوەرە بەیەکێك لە پێوەرە گرینگەکان دادەنریت بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەت گوزاری پەروەردەی، لەناوچەی توێژینەوەبەرکەوتە بریتیە لە (30.4) قوتابی/هۆبە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ باردۆخێکی خراپ و نەگونجاو لەگەڵ پێوەری دانراو بۆ هەڵسەنگاندن واتا زیاترە ە ئاستی پرکردنەوەی پێداوێستی، بەجۆرێك هەر هۆبەیەك بەشێوەیەکی گشتی (18.4) قوتابی تیایدا زیاترە لە پێوەری ئاماژە پێکراو.

4-1-ج-3-پێوەری قوتابی/قوتابخانە: ئەم پێوەرە زۆر گرینگە بۆ زانینی پێویستی قوتابخانە بە گوێرەی قوتابی ئەگەر سەیر بکەین لە سەنتەری ناحیەی قوشتەپە ژمارەی بەرکەوتی چەند قوتابی بەرامبەر قوتابخانە بریتیە لە(202)قوتابی/قوتابخانە بەجۆرێك هەر قوتابخانەیەك لە بەرامبەر پێوەری ئاماژە پێکراو (158) قوتابی کەمترە.

خشتەی (7) بەرکەوتی قوتابی ئامادەیی بەگوێرەی (قوتابخانە-مامۆستا-هۆبە) لە ناوچەی توێژینەوە

| شوێن | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی هۆبە | ژمارەی مامۆستا | ناوی پێوەر | پێوەر | بارودۆخی بەرجەستە | جیاوازی نێوان بارودۆخی بەرجەستەو پێوەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٣ | 608 | 20 | 43 | قوتابی/مامۆستا | 30-25 | 14 | 16+ |
| | | | | | قوتابی/هۆبە | 12 | 30.4 | 18.4- |
| | | | | | قوتابی/قوتابخانە | 300-360 | 202 | 158+ |

سەرچاوە:1- حکومەتی هەرێمی کوردستان ,وەزارەتی پەروەوەدە,بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر, بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای دەشتی هەولێر,هۆبەی پلان دانان,زانیاری بڵاونەکراوە,2020

خشتەی ژمارە (8): خزمەتگوزاری پەروەردە لەڕووی ژمارەی قوتابی و مامۆستا و پۆل توێژینەوە ساڵی 2020

| خزمەتگوزاری پەروەردە | بینای پەروەردە | ناوی پەروەردە | ژمارەی پۆل | ماموستا | ژمارەی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی ساوایان | 1 | مخموور | 2 | 3 | 23 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆی باخچەی ساوایان | 1 | 1 | 2 | 3 | 23 |
| قوتابخانە بنەرەتی | 8 | دڵدار | 6 | 15 | 205 |
| | | قەرەچوغ | 7 | 12 | 352 |
| | | مەخموور | 6 | 8 | 411 |
| | | قەراجی کچان | 5 | 10 | 210 |
| | | بازارگە | 8 | 13 | 305 |
| | | کوردستان | 6 | 20 | 419 |
| | | صداقە | 5 | 14 | 205 |
| | | چرا | 7 | 11 | 150 |
| | | ئەندازەی کوران | 7 | 13 | 521 |
| | | هەرکەوی خێرای کوران | 3 | 14 | 108 |
| | | کوردستان | 8 | 20 | 273 |
| کۆی قوتابخانەی بنەرەتی | 8 | 11 | 68 | 150 | 3159 |
| قوتابخانەی ئامادەیی | 2 | ئاسنگەری کوران | 6 | 13 | 203 |
| | | میدیای کچان | 6 | 15 | 250 |
| | | مخمووری زانستی | 8 | 15 | 155 |
| کۆی قوتابخانەی ئامادەی | 2 | 3 | 20 | 43 | 608 |

### 2-4خزمەتگوزاری تەندروستی:

دیارە کۆمەڵێك پێوەر هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی توانستەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان پشتی پێدەبەسترێت ئەم پێوەرانەش بە گوێرەی جۆرە جیاوازەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی جیاوازن ئێمەش بۆ زانینی توانستی خزمەت گوزاری تەندروستی پشت بە هەندێك پێوەر دەبەستین کە زیاتر کاریان پێدەکرێت برتین لە پێوەرەکانی(ژمارەی دانیشتوان/پزیشك)( ژمارەی دانیشتوان /پەرستار)( ژمارەی دانیشتوان /خاوەن پیشەی تەندروستی) لە گرینگترین پێوەرەکان دابەشیان دەکەین بەسەر ژمارەی پزیشك بەم شێوەی خوارەوە:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2-4-ا-پێوەری ژمارەی دانیشتوان بۆ پزیشك: یەکێکە لە پێوەرەکانی پێوانەکردنی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان کە دەکرێت بەکاری بهێنین وەکو پێوەرێکی زانستی بۆ دیاری کردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە.

ئەم خزمەتگوزارییە بەپێی پێوەری عێراقی بۆ هەر (١٠٠٠) کەس لە دانیشتوان (١) پزیشك دیاری کراوە ((صفر، 2015، ص322). لە کاتی بەراووردکردنی تێکڕایی ژمارەی دانیشتوانی قەزای خەبات بۆ هەر پزیشکێك. بەگوێرەی پێوەری عێراقی، ژمارەی پزیشك لەناوچەی توێژینەوە (28) پزیشکە. بڕوانە خشتەی ژمارە (9). تێبینی دەکرێت لەناوچەی توێژینەوە، لەڕووی پێوەری ناوبراو گونجاون، بەجۆرێك (719) کەرتی پزیشك بۆ دانیشتوانە.

2-4-ب- پێوەری ژمارەی پەرستار بۆ پزیشك:پێوەری پەرستیار بۆ پزیشك، بە هۆکارێکی گرنگ و بنەڕەتی دادەنرێت، لە خزمەتگوزاریی تەندروستی، بەگوێرەی پێوەری جیهانی (3) پەرستیار بەرامبەر(١) پزیشکە(الدليمي،2009،ص157)، بەگوێرەی پێوەری عێراقی (4) پەرستیار بۆ هەر پزیشکێکە، (صفر،2015، ص459).ژمارەی پەرستیار لەناوچەی لێکۆڵینەوە(48)پەرستیارە،.بەجۆرێك تێکرایی پەرستیار بەرامبەر پزیشك (1.7) دەردەکەوێت کە کەم وکوڕییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی پەرستیارەکان بە سەر بنکە تەندروستیەکاندا هەیە هەر بۆیە بە پێی ژمارەی دکتۆرەکانی پێویستییان بە پەرستیار هەیەهەروەها کەمی پەرستیار 64 پەرستیارە بڕوانە خشتەی ژمارە (9).

2-4-ج-پێوەری خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ پزیشك: خاوەن پیشە تەندروستییەکان بەشیکی گرنگی کەرتی تەندروستین و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دانیشتوان. جێگای ئاماژەیە پێوەرە نێوخۆییەکان هەر (٣) سێ خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ هەر پزیشکێك داناوە (سلمان، 2007،ص 273)، ناوچەی لێکۆڵینەوە (39) خاوەن پیشەی تەندروستی هەیە (1.3) هاوسەنگییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی خاوەن پیشە تەندروستییەکاندا هەیە. ناوچەی توێژینەوەی پیویستی بە (45) خاوەن پیشەی تەندروستی تردا هەیە بۆ ئەوەی بگات بە پێوەری ناوبراو. لەوەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بەگوێرەی پێوەری بەکارهاتوو ناوچەی لێکۆلینەوە لەسەر ئاستی ناحیەو قەزادا نارێکیەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، کە ئەمەش ڕەنگدانەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەر لەسەر توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی دروست دەکات، کە نەتوانن بەشێوەیەکی باش و ڕێکوپێك چاودێری نەخۆشەکان بکەن. ناوچەی توێژینەوەپێویستی بە زیادکردنی فەرمانبەری خاوەن پیشەی تەندروستی هەیە لە دامودەزگا تەندروستییەکاندا.

خشتەی (9): خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە ناوچەی توێژینەوەلە ساڵی2020

| خزمةتطوزاری تةندروستی | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بنکەی تەندروستی | | ژمارەی کارمەند | ژمارەی پەرستیار | ژمارەی خاوەن پیشەی تەندروستی | ژمارەی دکتور | ژمارەی قەرەویلە |
| | مخموور | | 28 | 20 | 15 | 0 |
| | سەرای | | 20 | 19 | 13 | 0 |
| کۆی بنکەی تەندروستی | 2 | کۆی بنکەی تەندروستی | 48 | 39 | 28 | 0 |
| دەرمانخانە | دەرمانخانەی مەخموور | | دەرمانخانە | | | |

## ئەنجام

1-خزمەتگوزارەیەکان یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی دانیشتوان پێویستیەکە بۆ هەموو کەسێك دەبێت فەراهەم بکرێت چونکە بنچینەیەکی سەرەکیە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا

2-خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیەکان بنەمایەکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتن و بەرە و پێشبردنی کۆمەڵگاکان، هەروەها پێوەری پێوانەکردنی پێشکەوتن یان دواکەوتنی هەر کۆمەڵگایە

5-ناوچەی توێژینەوە (35) خزمەتگوزاری جۆراو جۆری کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، لةم خزمەتگوزاریانةش (11) دانةی بۆ خزمەتگوزاری بةروةردة و (10) دانةی بۆ خزمەتگوزاری ئاینیة (2) دانة بۆ خزمەتگوزاری تةندروستیة

6-ناوچەی توێژینەوە زۆر ی خزمەتگوزاریەکان کەوتۆتە گەڕەکی سەرایی ئەمەش لەئەنجامی کۆنی گەرەکە کە بي بلانی لة دابةشبوونی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7-ناوچەی توێژینەوە خزمەتگوزاریەکانی بەپێی پێوەری عیراقی نیە و بەشێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو بڵاو نەبۆتەوە بەسەر ناوچە جیاوازەکانی ناوچەی توێژینەوە

8-ناوچەی توێژینەوە هةندی خزمەتگوزاری هەیە بەخۆیەوە نەیبینیوە وەك هۆڵی لەشجوانی و سەنتەری لاوان و مةلةوانكة

10- سەنتەری قەزای مەخموور کە بە سەنتەرێك دادەنرێت بۆ تەواوی قەزای مەخموور هیچ نەخۆشخانەی قەرەوێڵە لەخۆناگریت بەجۆرێك دانیشتوانی ئەم قەزایە دەبێت پشت بە ناوچەی تر ببەستن بۆ خزمەتگوزاری قەرەوێڵە. بةجوريك لە رووی کەرتی تەندروستی زۆر دواکەوتووە و بەپێی پێویست و پێوەری عیراقی نیە بەجۆرێك تەنها دوو بنکەی تەندروستی لەخۆ دەگرێت

## ڕاسپاردە

1-پێویستە پێداچونەوە بەتەواوی جۆرەکانی خزمەتگوزاری ناوچەی لێکۆلینەوە بکرێت چ لە ڕووی ژمارە و چ لە ڕووی دابەشبوونەوە بە پێی پانی عیراقی بۆ خزمەتگوزاری

2-یەكێك لە خرنگترین خزمەتگوزاریەکان بریتیە لە خزمەتگوزاری تەندروستی کە تا ئیستا ناوچەی توێژینەوە نەخۆشخانەی نیە لەڕووی قەرەوێڵە کە خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەخۆشخانەکی 35 قەرەوێڵەی لەسەنتەری مەخموور دەست پێکردووە بەڵام پێش کردنەوەی لەلایەن سوپای عیراقی دەسی بەسەر داگیرا و ئیستا بووەتە بنکەی سوپای عیراقی

3-هانی کۆمپانیا و کۆمپانیای نا حوکومی بدرێت کە پرۆژەی خزمەتگوزاری لەناوچەی توێژینەوە بەگەر بخەن.

## سەرچاوەکان

1-مصطفی، فاطمە قادر،جوكرافياى خزمەتكوزارى،زانكوى رابەرين كوليزى زانستە مروفايەتيةكان-بەشى جوكرافيا،بەريوەبەرايەتى كشتى كتيبخانە كشتيەكان،لا18،2020.

2-السماك، محمد ازهر، علي عبد العزاوى، البحث الجغرافي بين المنهجية التخصيصية و الاساليب الكمية و تقنيات المعلومات المعاصرة، دار اليازورى للنشر والطبع، ط1،عمان، الاردن،2011.

3-عبدالرحمن، ريدار نبيل، التحليل المكانى و الوظيفي للخدمات الصحية في محافظة دهوك، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، سكول الاداب، جامعة دهوك، دهوك، 2014.

4-عبدالله، نشوان شكري، حسن، مزكين محمد، تحليل الخصائص المكانية والوظيفية لوحدات الورش الصناعية في مدينة دهوك باستخدام ال(GIS)، مجلة جامعة دهوك، المجلد11، العدد(2)، 2008.

5-داود، جمعة محمد، الجيوماتكس علم المعلومات الارضية، مكة المكرمة، المملكلة العربية السعودية،2014

الصالح، ناصر عبدالله، محمد محمود السرياني،الجغرافيا الكمية والاحصائية- اسس وتطبيقات بالاساليب الحاسوب الحديثة، مكتبة العبيكان،ط1، الرياض، 2008

6-الجميلى، رياض كاظم سلمان، كفاءة التوزيع المكانى للخدمات المجتمعية 0 التعليمية و الصحية و الترفهية) في مدينة كربلاء، اطروحة دكتوراة، كلية تربية (ابن رشد) جامعة بغداد، بغداد،2007.

7-لدليمي، خلف حسين علي، تخطيط الخدمات المجتمعية و البنية التحتية اسس-معايير-تقنيات، ط1، دار الصفاء للنشر و التوزيع، عمان، 2009.

8-الهيتى،مازن عبدالرحمن، جغرافيا الخدمات اسس و مفاهيم،ط1،مكتبة المجمع العربى للنشر و التوزيع،عمان،2013.

9-كارةش، هؤشمةند جوهر عباس، شيكردنةوةي توانستي دابةشبووني خزمةتطوزارريية تةندروستييةكان لة قةزاي شةقلاوة لة سالَي 2015، ليَكؤلَينةوةيةك لة جوطرافياي خزمةتطوزاري، نامةي ماستةر (بلاَوكراوة) كؤليَذي ئاداب،زانكؤي صلاح الدين، هةوليَر،2016.

10-صفر،زين العابدين على، جغرافية المدن،ط1،دار الوضاح للنشر،بغداد،2015.

11-صفر،زين العابدين على،تخطيط المدن اسس ومفاهيم و تطبيقات،ط1،دار الوضاح للنشر،بغداد،2015.

12-الجميلى،رياض كاظم سلمان،كفاء التوزيع المكانى للخدمات،التعليمية و الصحة و الترفهية فى مدينة كربلاء،اطروحة دكتورة،كلية تربية(ابن رشد) جامعة بغداد،بغداد،2007.

13-ياسين،حارث محمد ذنون،كفائة التوزيع المكانى لدور العبادة التراثية في مدينة الموصل القديمة، رسالة الدبلوم العالى (غير منشورة)، كلية التربية، جامعة الموصل،2011،ص29.)

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Ability of Social Services in the Centre of Makhmur District

**Sasan Hikmat Ali**
Department of Geography, College of Arts, Sallahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
sasan.ali@su.edu.krd

**Mudhafar Ahmed Rasool**
Department of Geography, College of Arts, Sallahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mudhafer.rasool@su.edu.krd

***Keywords:*** special clinics, Distance Standard, Spatail mean, and Direction of Distribution

## Abstract

Social services are one of the basic services of the city and the basic necessity of any human in his daily life And the humanitarian community is trying to provide it despite the differences in the political and economic system,Because community service is the main basis for developing and advancing the community,And the measure of progress or dispersion of each community,Also, there is a strong relationship between the measurements of social services and development measurements,In a way, the level of happiness decides on the direction of development in any part of the world's wars,Because of this, development needs a single right to do its work The purpose of this investigation is to improve the division of public services in the centre of Makhmur district and Showing the level of their ability to the residents of the area The problem of investigating is the lack of people in the division of social services on the level of the city of Makhmur The assumption of investigating the geographical information system through classical selection, degradation, and division of social services in Makhmur district and The results are more accurate and accurate and it is easier to get their map in terms of photography The research plan is aimed at investigating the objectives that will be disbursed to four part:The first part is mentioned in the theoretical context and introducing the area of investigation, in The

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

second part is to provide the most important public services in the district centre The third part is highlighted. Analyze service location properties The four-part focus has been focused on evaluating education and health services Because of the two levels of services at the level of public services

------------------------------------------------------------

**ملخص:**

الخدمات الاجتماعية هي واحدة من الخدمات الأســاســية للمدينة والاحتياجات الأســاســية لكل إنســان في حياته اليومية وحاول المجتمع البشــري توفيرها على الرغم من الاختلافات في النظام الســياســي والاقتصــادي الذي يقدمونه، لأن خدمة المجتمع هي أساس أساسي لتنمية المجتمع والنهوض به، فضلا عن مقياس التقدم أو التشتت لكل مجتمع، فضــلا عن وجود علاقة قوية بين القياســات. طريقة الخدمات والقياســات الاجتماعية هناك تنمية، بطريقة يقرر فيها مســتوى الســعادة اتجاه التنمية في أي جزء من أطراف العالم، لذلك تحتاج التنمية إلى حق واحد للقيام بالنشــاط والهدف من هذه الدراســة هو إنشــاء تقسـيم الخدمات الاجتماعية في وسـط حي مخمور وإظهار مستوى قدرتها على السكان المنطقة. مشكلة التحقيق ليست مشكلة أولئك الذين هم في تقسيم الخدمات العامة على مشــكلة التحقيق هي عدم المســاومة في تقســم الخدمات الاجتماعية على مســتوى مدينة مخمور. افتراض التحقيق في نظام المعلومات الجغرافية من خلال الاختيار الكلاســيكي والتدهور وتقســيم الخدمات الاجتماعية في منطقة مخمور نتائجها أكثر دقة ودقة ومن الأسـهل الحصـول على خريطتها من حيث التصـوير الفوتوغرافي. جزء منه: وتهدف الخطة البحثية إلى دراســة تاجز الأجزاء الأربعة: في الجزء الأول، يرد ذكر الإطار النظري وإدخال مجال البحث، في الجزء الثاني بدأنا في تقديم أهم الخدمات العامة في مركز المقاطعة. في الجزء الثالث، الضــوء يركز على. تحليل خصــائص موقع الخدمة. فى الجزء الاربع التركيز على تقييم الخدمات التعليمية والصحية بسبب اهتمام هذا الخدمات على مستوى الخدمات الاجتماعية.